## هەواڵ هەواڵ

## بەریتانیا: کوردێک فریو دەدرێ

سەرچاوەیەکی تایبەت بەرۆژی گەلی راگەیاند کەوڵاتیەکی خەڵکی شەقڵاوە بەناوی ( ب. ح. ئاغا) کە ماوەی چەندین ساڵە لەوڵاتی بەریتانیادا دەژی ، چەند مانگ لەمەوبەر زەماوەند لەگەڵ کچێکی ئوردنی دانیشتووی بەریتانیا دەکات، بەڵام ژیانی هاوسەرییان درێژەناکێشێ و دووچاری گرفت و دەردەسەری دەبێتەوە.

سەرچاوەکەدەڵێ: سێ مانگ دوای زەماوەندەکەژنەکەدەرفەت وەردەگرێ ، هەرچی پارەو پول لەماڵ دەبێ کەبە١٥ هەزار دۆلار مەزەندەدەکرێ ، لەگەڵ ئەو زێڕانەی کەبۆی کڕاوەدەبات و خۆی ون دەکات ، بەو هۆیەشەوەگرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بۆ کوردەکەجێدەهێڵێ، چونکەکوڕەکەپێشتر لەکوردستاندا خوازبێنی کچێکی خزمی خۆی کردبوو ، بەڵام لێی هەڵگەڕابۆوەو کچەکەی بەجێهێشتبوو ، ئێستاش کەژنە ئوردەنیەکەئەوی جێهێشتووەخەڵکی دەڵێن ئەمەکاری چەوتی خۆی دێتەوەرێگەی و تۆڵەی لێکراوەتەوە. سەرچاوەکەپێیوایەکەکوردەکەبەوهۆیەوەدووچاری نەخۆشی دەروونی هاتووە، چونکەخزم و کەسانی هەمووی سەرکۆنەی دەکەن و خۆیان لێ تووڕەکردووە.

## سەنگەسەر: کتێبخانەی گشتی بەکەمبایەخی دەمێنێتەوە

بەهۆی ئەوەی کتێبخانەی گشتی سەنگەسەر بینای تایبەت و فەرمانبەری پێویستی نیە، گشت رۆشنبیرو خوێنەرانی ناحیەی سەنگەسەر رەخنە لە حکومەت دەگرن کە بایەخ بەدەزگەی رۆشنبیری و پێشکەوتن نادات ، ئەوان پێیانوایە بوونی کتێبخانەلەگەڵ دوو دەزگەی تر وەک پۆلیسی فریاکەوتن و ئاگر کوژێنەوەلەنێو یەک بینادا کارێکی نەگونجاوە، تەنانەت بەکارێکی نەشیاو و ناڕاستیشی دەزانن و پێیانوایەبەئەنقسەت کارێکی لەوبابەتەئەنجامدراوەتا رۆشنبیران هەمیشەلەبەرچاوی پۆلیس دابن و بەئاسانی بدۆزرێنەوە

## دزی لەسوپەرمارکێتێک دەکرێ

بەقسەی خاوەن سوپەرمارکێتێک رۆژی ٣/٢٥ سواڵکەرێک بڕی ملیۆنێک و حەفتا هەزار دینار لە سۆپەرمارکێتەکەی لەرانیەدەدزێ، ئەویش شوێنی دەکەوێ و دەستگیری دەکات ، پاشان رادەستی پۆلیسی دەکات ، بەڵام تا ئێستا هەواڵی زیاتر سەبارەی بەو کەتنەئاشکرا نەکراوە.

## زیندانەسیاسیەکان خۆزگەبەدوو ئیدارەیی دەخوازن

سەرچاوەیەک لە رێکخراوی زیندانەسیاسیەکانی کوردستانەوەبەهەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کەلەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەهیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤ هەڵنەگیراوەتەوەتا زیندانە سیاسیەکان لێی سوود مەندبن ، تەنانەت ئەو نەسرییەی کەپێشتر هەبوو ، بۆ کرێی بارەگاو پێداویستیەکانی دیکەتەرخانکرابوو ئێستا بڕاوە، وێڕای ئەوەش حکومەت ئاور لەرێکخراوەکەناداتەوە، بەوهۆیەشەوەبارەگای لقی رانیەی رێکخراوەکەداخراوە.

سەرچاوەکەرایگەیاند کەرێکخراوی زیندانیەسیاسیەکان خۆزگەبەسەردەمی دوو ئیدارەیی دەخوازێ چونکەئەوکات بەهەر هۆیکەوەبووبێ تا رادەیەک ئاوڕ لەزیندانیەسیاسیەکان دەدرایەوە، گوێیان لەخواست و داخوازیەکانیان دەگرتن، بەڵام ئێستا بەجارێ پەراوێز کراوەو و کەس ئاوڕیان لێناداتەوە.

## شاندی یەکێتی ئەورووپا رەخنەلەتورکیا دەگرێ

شاندێکی پەرلەمانیئەورووپا دوای ئەوەی سەردانی شاری دیاربەکری کردبوو لەبەرانبەر رەوشی خراپی دانیشتووان هەم رەخنەی لەدەوڵەتی تورکیا گرت ، هەم خوازیاربوو کەناویپارتی کرێکارانی کوردستانلەلیستیرێکخراوەتیرۆریستییەکان دەربهێنرێ.

ئاژانسیهەواڵیئیتاڵیا لەزاریپەرلەمانتاریئەورووپیبیرنارد ژۆن ماریدەوڵەتیتورکیایلەکاریگەریی خراپیبارودۆخیکورد لەسەر ئایندەیپەیوەندییەکانیتورکیاو ئەورووپا ئاگادار کردۆتەوە .

ژۆن ماری لەوکۆنگرەرۆژنامەوانیەی کەبۆ هەڵسەنگاندنیهەڵوێستیان سەبارەت بەئەنجامیسەردانیشاندی یەکێتیئەورووپا بۆ شاریدیاربەکر ، لەبرۆکسل لەبارەگایپەرلەمانیئەورپا پێکهاتبوو، گوتی:کورد گەلێکیگەورەیەو لەنێوان چەند دەوڵەتێکیناوچەکەدا دابەشکراوەو لەپێناویئازادیخۆیدا تێدەکۆشێ .

ناوبراو ئاماژەیبەخراپیبارودۆخیکورد لەتورکیا کرد و پێیوابوو کەدەرفەت بۆ خستنەڕوویپرسیارگەلێک دەرەخسێنێ دەربارەیئەوەیکەئایا تورکیا تا چەند بەپێوەرەکانیکۆبنهاگنەوەپێبەندە ؟! کەبۆ ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا مەرجی سەرەکین .

ژۆن ماریرایگەیاند : کارەتوندوتیژیەکانیهێزەکانیدەوڵەت لە دژی گەریلاکانی پەکەکەنییە، بەڵکو دژ بەخەڵکیسڤیلی ناوچەکوردنشینەکان بەڕێوەدەچێ، دەوڵەت سانسۆر لەسەر تەلەفزیۆن و رۆژنامەکوردییەکان دادەنێ .

شاندی یەکێتی ئەورووپا داوایکردووەکە سنوورێک بۆ چەوساندنەوەو سەرکوتکردنیکوردو پاراستنیمافیمرۆڤ لەتورکیا دابنێ و ناویپەکەکەش لەلیستیرێخراوەتیرۆریستەکان دا دەربهێنرێ، چونکەهێزێکە و بوونی هەیەو زیاتر لەسەدا حەفتایناوچەکوردنشینەکانیش پشتیوانیلێدەکەن .

## نەمسا: نوێنەری بەرەی گۆڕان بەشداری لەئاهەنگی نەورۆز دەکات



کاتژمێر ١٥ی رۆژی ٢٤-٣-٢٠٠٧ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لەهۆڵی ( گاسۆ میتێر ) بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی سازکرد، ئاهەنگەکە زیاتر لەکاتژمێری خایاندو بەبەشداری پێنج هەزار کوردستانی و دۆستانی گەلەکەمان بەشکۆوە یادی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز پیرۆز کرا.

ئاهەنگەکە بەراوەستانی خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان سرودی ئەی رەقیب پێشکەش کرا.

وتاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لەلایەن رێزدار **حوسەین ئەکماز** سەرۆکی فیدراسیۆنەوە پێشکەشکرا، پاشان **دکتۆر کلاوس** نوێنەری سەرۆکی کۆماری نەمسا پەیامی هانیس فیشەر، سەرۆکی نەمسای بەئامادەبوان گەیاند کەبێجگە لەجەژنە پیرۆزە، پشتیوانی خۆی لەدۆزی رەوای کوردستان دووپات کردبۆوە، داوای بوردنی کردبوو کەبەهۆی کارێکی گرنگ و تایبەتەوە بۆ خۆی نەیتوانی بوو بەشداری لەئاهەنگەکەدا بکات. دواتر **دیدیزاخ** سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی نەمسا، **کاسپارینێم** سەرۆکی ناوەندی کولتور و ئەندامی پەرلەمانی نەمسا، **هێربێرت تومپێل** سەرۆکی کارکەرانی نەمسا، **ماری کروێتزەر** سەرۆکی رێکخراوی وادی ( ) ، **جەوهەر میراودەلی** نوێنەری بەرەی گۆڕان لەئەورووپا و **ژاما ئۆزەن** نوێنەری کۆنگرەی گەل وتاریان خوێندەوە.

دواتر چەندین گۆرانیبێژی وەکو خاتوو بەسی شاهین و ئیبراهیم رۆژهەڵاتی ونیزامەدین ئاریش و عەبدین و چەندین تیپی هونەری دیکە بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش کرد، دواتر تیپی شانۆی چوارچرا بەشانۆگەرێک بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی کرد. ئەمەو ئاهەنگەکە تا کاتژمێر ٢٤ درێژەی کێشا.

## نۆ گرووپی دژ بەئەمریکا هاوهەنگی رادەگەیەنن

بەگوێرەی هەواڵێک کەلەرێگەی ئینتەرنێتەوەبڵاوکراوەتەوە، نۆ گرووپ لەوانەی کەدژایەتی هێزەکانی ئەمریکا و عێراقی دەکەن ، مەکتەبی هاوهەنگیان دروست کردووە.

رۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٧ بەیاننامەیەکی هاوبەش لەلایەن نۆ گرووپی ئیسلامی شەڕکەر دژ بەهەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق رایانگەیاندراوەو بەڵێن دەدەن کەلەمەوبەدوا کاری هاوبەش دەکەن ، بۆ ئەمەش مەکتەبی هاوهەنگی و هاوکاریان دامەزراندووە. بەیاننامەکەداوا لەهەموو ئەو گرووپانەی دیکەدەکات کەدژ بەهێزەکانی عێراقی و ئەمریکاو هاوپەیمانیان دەجەنگن بچنەژێر ئاڵای ئەوانەوە، مەرجیش ئەوەیەکەنابێ هەوڵی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقی بدرێ ، ئەمەش تەواوی هەوڵ و کۆششەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەبۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ئاشتەوایی بەبنبەست دەگەیەنێ و چاوەڕوانی بەرهەمی لێناکرێ . لەبڕگەیەکی دیکەی بەیاننامەکەدا دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا رەتناکاتەوە ، بەڵام مەرجی ئەوەدادەنێ کەدەبێ پێشوەخت دان بەرەوایەتی بەرگری دابنرێ و بەڵێنی کێشانەوەی هێزەکانی خۆشیان لەعێراق بدەن .

ئەو گرووپانەی کەبەیاننامەکەیان ئیمزا کردووە، پێکهاتوون لە:

١- سوپای ئەنساری سوننە

٢- سوپای ئەنساری موسڵمانان

٣- سوپای موسڵمانان

٤- سوپای پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی

٥- بەرەی ئیسلامی بۆ بەرگری عێراق

٦- کەتائبی شۆڕشی بیست

٧- کەتائیبی فاروق

٨- کەتائبی مستەفا

٩- کەتائبی ئەنسارولڵا

ئەوەی شیاوی باسە زۆربەی ئەو گرووپانەنەناسراون و هێزو توانای ئەوەیان لێدەرنەکەتووەکەبتوانن دژی هێزەکانی عێراقی و ئەمریکیەکان شەڕ بکەن .

## هەواڵی ناوادەی جیهانی





## بێچوو بەرازێکی سێ چاو



هەواڵەکان بڵاویان کردوەکەمانگی ئازاری ٢٠٠٧ لەکێڵگەی( لی شاپینگ) کەتایبەتەبەبەخێوکردنی بەراز ، بێچووێکی سەیر لەدایک بووە، ئەم فەرخەبەرازە یەکسەری هەیە، بەڵام دوو لووت و دوو دەم و سێ چاوی هەیە.

شارەزایان ئەم شێوەیەبەنائاسایی دادەنێن و پێیانوایەلەئاکامی تێکچوونی ژینەکانەوەئەو فەرخەبەرازەوای بەسەر هاتووە، پێشبینی ناکرێ کەزۆر لەژیان بمێنێتەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەشەوەهیچ گرفتێکی بەرچاوی نیەو بەخێوکەرانی کێڵگەکەش زۆریان خۆش دەوێ ، قردێلەی رەنگاو رەنگی بۆ دەبەستن و وێنەی لەگەڵدا دەگرن .

ئەم وێنەیەی کەلێرەدا چاپ کراوەرۆژی ٦-٣-٢٠٠٧ لەکێڵگەدا گیراوە.

## بەهۆی ئەوەی لەدارستان دەژی ، دەستگیر دەکرێ

رۆژی ٢٦-٣-٢٠٠٧ پۆلیسی شاری بەرلینی وڵاتی ئەڵمانیا پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵەیان دەستگیر کرد بەتۆمەتی ئەوەی حەز بەئاوەدانی ناکات و لەنێو دارستاندا بەتەنیا دەژی . پۆلیس لەپەیوەندی ئەو کەسەگومانی هەیەچونکەناوبراو خەڵکی دێهاتەکانی نیۆیۆرکی ئەمریکایە، بەڵام هاتۆتەئەڵمانیا و لەنزیک شاری بەرلین، پێتەختی ئەڵمانیا بەتەنیا لەنێو دارستاندا دەژی . پۆلیس بەتۆمەتی ئەوەی دەستی لەفرۆشتنی مادەهۆشبەرەکاندا هەیەدەستگیری کردووە، بەڵام پارێزەری ئەو گیراوەتۆمەتەکەرەت دەکاتەوەو دەڵێ کەئەو کەسەهەستی بەنائارامی کردووە، بۆیەپەنای بۆ دارستان بردووە، بەشێوەیەکی سەیر و ترسناک و باوەڕنەکردەنی درێژەی بەژیان داوەو هیچ پەیوەندیشی بەمادەهۆشبەرەکانەوەنیە.

لەوەڵامی قسەکانی پارێزەری ئەو گیراوە ، پۆلیسێک گوتوویەتی کەناوبراو لەنزیک کاولگەیەک گیای ماری جوانای چاندووەکەئەمەش سەرچاوەی مادەیەکی هۆشبەرە، هەروەها ١٥٠ گرام لەو مادەیان دۆزیوەتەوە، گومان دەکرێ بەوهۆیەوەژیانی خۆی دابین کردبێ ، دەنا ئەو کەسەهیچ سەرچاوەیەکی داهاتی دیاریکراوی نیەو نازانرێ چۆن چۆنی ژیاوە!!

## بەستەڵەکی باشوور دەتوێتەوە

زانایان ئاشکرایان کرد کەرووبەرێکی بەستەڵەکی تەوەرت باشوور بەئەندازەی هەرێمی تکساسی ئەمریکا لەتوانەوەدایەئەمەش نیشانەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دەگەیەنێ .

شارەزایان رۆژی چوارشەممەی رابردوو ئاشکریان کرد کەزۆر لەناکاو ئەو بەستەڵەکەبەرەو توانەوەدەڕوات ، ئەمەش گۆڕانێکی کتوپڕی هەوا پێشان دەدات . هەندێک لەشارەزایان توانەوەی بەستەڵەکی باشوور دەگێڕنەوەبۆ ئەو بایەبەهێزەی کەماوەیەکەرووی لەتەوەری باشوور کردووە، بەخێراییەکی زۆر بەسەر بەستەڵەکەکەدا تێپەڕ دەبێ ، بەو هۆیەشەوەکاریگەری لەسەر پلەی گەرما دادەنێ و دەیتوێنێتەوە. شارەزایان دەڵێن : ئەگەر ئەو بەستەڵەکەبتوێتەوەئاستی ئاوی دەریاکان تا شەش مەتر بەرز دەبێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیەکەزۆرێک لەوڵاتان وەژێر ئاو دەکەون .

## لەفرانکفۆرت رەوشی کورد لەسوریا تاوتوێ دەکرێ

بڕیاروایەرۆژی ٢١-٤-٢٠٠٧ لەشاری فرانکفۆرتی وڵاتی ئەڵمانیادا ، لەژێر ناوی کورد لەسوریا و رەوشی کەمەنەتەوەیی ، دامەزراوەی ئازادی رامیاری و دامەزراوەی دۆستایەتی ناومان و دامەزراوەی کارل هێرمان فلاخ و نووسینگەی هەرێمی ویسبادن کۆنفرانسێک پێکبێنن کەرێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو و کۆمەڵەی پاراستنی خەڵک بەشداری تێدا بکەن.

بڕیاروایەکاتژمێر ١١ی رۆژی ٢١-٤ سەرەتا دکتۆر کەمال سیدۆ ، بەرپرسی رۆژهەڵاتی رێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو بەوتەیەک کۆنفرانسەکەبکاتەوە.

بەو پێیەی کەکۆنفرانسێکی زانستی دەبێ ، داوا لەچەندین پسپۆڕی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا کراوەکەرامان و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەبوارەکانی رامیاری ، جڤاکی و فەهەنگی پێشکەش بکەن . بەوهۆیەشەوەتا ئێستا جگەلەپسۆڕەئەڵمانیەکان دەیان کوردی ناسراویش ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا ناونووس کردووە.

لەپێشەکی پرۆگرامەکەدا کۆمیتەی ئامادەکار نووسیوویەتی : لەکاتی سەربەخۆیی سوریاوەکەحکومەت بەدوای حکومەت دا هاتوون نەک بوونی کوردان و نیشتمانی ئەوان پشتگوێ خراوە، بەڵکو هەوڵدراوەبوونیان بشێوێندرێ و لەچوارچێوەی بەعەرەبکردندا بتوێندرێنەوە، بەو هۆیەوەدەمانەوێ لەم کۆنفرانسەدا بەتێروتەسەلی سەبارەت بەرەوشی کورد لەسوریا گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین ، لەو بارەیەشەوەهەڵوێستی یەکێتی ئەورووپا و ئەڵمانیا سەبارەت بەسوریا شرۆڤەبکەین .

## لەیادی رۆژی شانۆی جیهانیدا

لەیادی رۆژی شانۆی جیهانیدا، کەبەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان لە٣/٢٧ ڤیستفاڵێکی لەشاری دەربەندیخان بۆ سازکردبوو. چەند خەڵاتێکی ئاڵتونی بەخشیە چەند شانۆکارێکی کوردی کەرۆڵی بەرچاویان هەبووە لەشانۆی کوردیدا، هونەرمەندەکان ئەمانە بوون کە خەڵاتیان پێدرا، شێرکۆتالب لەچەمچەماڵ و سەربەست ئەحمەد لەکەلار دڵشاد حسێن لەدەربەندیخان<

## هەواڵی سەیر

رۆژی ٣/٢٣ لەگەڕەکی قادسیەی شاری کەکوک کەسێک لەلایەن تیرۆرستانەوە دەرفێنرێ، دواتر بۆ ئازادکردنی بەمۆبایل لەسەر بڕێک پارە رێک دەکەون . تیرۆریستەکان دەڵێن پارەکەبەدەستی فلانەکەس کە چەندین ساڵ لەماڵی خۆتان بەخێو کراوە، بنێرن ، بەدەستمان دەگات . ئەمانیش پارەکە بەو کەسەدەنێرن کە وەکو کوڕی خۆیانە، ئیتر کوڕەکەیان ئازاد دەبێ ،بەڵام ئەوی دیکەیان دەبێتەهاوڕێی تیرۆرستەکان !!

رۆژی ٣/١٩ بەفەرمانێکی کارگێری ژمارە(١٣٤٢) لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵەوەسزای بەڕێوەبەری فێرگەی ئەسیری دەدرێ، بەهۆی ئەوەی کەگوایە٣ مانگە مووچەی مامۆستایەک وەردەگرێ و مامۆستاکە لەدەرەوەی وڵاتەو غیاب نەدراوە.. بەڵام لەکاتی مشتومڕدا بەڕێوەبەرەکەبەبەڕێوەبەری پەروەردەدەڵێ : ئەی نەتگووت چاو پۆشی لێبکە هەتا بزانین دەگاتەجێ یان نا !

رۆژی ٣/٢٥ وڵاتی (مردان عوسمان) بەهۆی ئەوەی کەچووەلای نەشتەرگەرێکی عەشایەری بۆ مەبەستی چاک بوونەوەی لەنەخۆشی فەقەرات، ئەمیش پێ دەنێت بەپشتیداو قاچ و دەستی ڕادەکێشێ و (پەتکەدەمار)ی دەپسێ و تووشی شەلەلی دەکات، کاتێ دەیبەن بۆ نەخۆشخانە دکتۆر هیچی پێ ناکرێ و شەوەکەی گیان لەدەستدەدا.

بەرپرسێک لەشاری کەرکوک کە هێشتا ماڵی لەهەولێرە ،دەڵێ: من مانگی (٦ دەفتەر) دۆلارم دەدەنێ بۆ خەرج کردنی پێشمەرگەکان، بەڵام هەموو مانگی (٢ دەفتەر) م بۆ دەمێنێتەوە، ئێستا ئەم دیاردە بووەتەپیشەی هەندێک بەرپرس و رۆژانەپێشبڕکێی لەسەر دەکەن کێ زیاتری دەست دەکەوێت !!

* لەناحیەی رێدار لەهەفتەی ڕابردوودا گەنجێک بەناوی ( ئا-ن) لەلایەن پۆلیسەوەدە گیرێت کەلەگەڵ ئافرەتێکدابووە، سەرەتا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن دەڵێ ئەمەخێزانی خۆمەو من دانیشتووی گەرەکی شۆریجەم و قورئان خوێنم ئەوانیش وازی لێ دێنن. یەکێکیان تەلەفۆن دەکات بۆ ئەوقافی کەکوک کەخزمێکی لێیە. پێی دەڵێت ئەوەکابرایەکی سەختەچییەو ئێمەدەیناسین و ئەمەکاری یەکەمی نییە، بەڵام ئەو دەربازی ببوو !!

رۆژی ٣/٢٥ لەلای پردی (حی العسکری) لەسەر رێگای لەیلان بۆمبێک دەتەقێتەوە، لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی ئاسایشی ناحیەی لەیلان لەوێوەڕەتدەبن و دادەبەزن و دوو کرێکاری عەرەب دەگرن کەپەیوەندیان بەو کارەوەنەبووە. لەوە سەیر تر ئەوەیە مەفرەزەیەکی دیکەی پۆلیسی عروبەش دێن بۆ ئەوێ و داوای ئەو دوو کەسەیان لێ دەکەن ئەمانیش نایان دەنێ، ئیتر بەوهۆیەوەمیلی چەکەکانیان لەیەکتر رادەکێشن ، ئەوانیش لەداخاندا هەردووکیان بەڕەڵڵا دەکەن !!